# فیتنەی دەرکەوتنی دەجال

[ كردي – کوردی – kurdish ]

حاجی ئومێد چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ فتنة خروج الدجال ﴾

« باللغة الكردية »

أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# فیتنەی دەرکەوتنی دەجال

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم تسليما كثيرا أبدا إلى يوم القيامة.

خۆشەویستان نیشانە گەورەکانی ڕۆژی دوایی ئەو نیشانانەن کە ئەگەر دەرکەوتن خێرا بەدوایاندا ڕۆژی دوایی دێت، ئەوانیش (دە) نیشانەن، تائێستا هیچیان دەرنەکەوتون، ئیمامی موسلیم لەصەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردووە، لەفەرموودەیەکی حوذەیفەی کوری ئوسەیدەوە کە ووتویەتی: « اطلع النبي ( صلى الله عليه وسلم ) علينا ونحن نتذاكر، فقال: ما تذاكرون ؟ قالوا: نذكر الساعة. قال: إنها لن تقوم حتى تروا قبلها عشر آيات : فذكر الدخان والدجال، والدابة، وطلوع الشمس من مغربها، ونزول عيسى ابن مريم ( صلى الله عليه وسلم ) ويأجوج ومأجوج، وثلاثة خسوف: خسف بالمشرق وخسف بالمغرب وخسف بجزيرة العرب، وآخر ذلك نار تخرج من اليمن تطرد الناس إلى محشرهم » {صحيح مسلم برقم ( 2901)} واتە : پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) لامان دەرکەوت لەکاتێکدا ئێمە سەرگەرمی باس وخواست بووین، پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) پێی فەرمووین : ئەوە باس وخواسی چی

ئەکەن؟ ووتمان : باس وخواس لە ڕۆژی دوایی ئەکەین، ئەویش فەرمووی :
ڕۆژی دوایی نایەت هەتاوەکو پێش هاتنی دە نیشانە دەبینن، ئەمجا باسی لەم
نیشانانە کرد، باسی دووکەڵ، ودەجال، وئاژەڵەکە، وهەڵهاتنی ڕۆژ
لەڕۆژئاواوە، ودابەزینی عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لێ بێت)،
ویەئجوج ومەئجوج، وسێ ڕۆچوون، ڕۆچونێك لە ڕۆژهەڵاتەوە، و ڕۆچونێك
لە ڕۆژئاواوە، وڕۆچونێك لە دوورگەی عەرەبەوە، وە کۆتا نیشانەیش لەمانە
ئاگرێکە لەیەمەنەوە دەردەچــێت، خەڵکی بەرەو جێگای کۆبونەوەیان
دەردەکرێن ..

ئەوەیش کەزۆربەی لێکۆڵەرەوەان وئەهلی عیلمی لەسەرن ئەوەیە ئەو دە
نیشانە گەورەیەی ڕۆژی دوایی، بریتین لە سێ نیشانە لەگەڵ ئەو نیشانانەی کە
لەفەرموودەکەی حوذەیفەی کوڕی ئوسەیدا باسکراوە، جگە لەئەو نیشانەی کە
باس لەسێ رۆچوونەکە دەکات، هەرچەند ئەم سێ ڕۆچوونەی زەوی بێگومان
لە نیشانە گەورەکانی ڕۆژی دوایین، وەك لەفەرموودەکەدا هاتوون، بەڵام
لەپێش دە نیشانە گەورەکەدا ڕوودەدەن، ئەوەیشی تەواو بەڵگەیە لەسەر ئەمە
مەسئەلەیە، ڕێوایەتێکی تری حوذەیفەی کوڕی ئوسەیدە کە موسلیم تەخریجی

کردووه وئەو سێ ڕۆچونەی پێش خستووه بەسەر نیشانەکانی تردا، وەك

پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : « إن الساعة لا تكون حتى تكون عشر آيات خسف بالمشرق وخسف بالمغرب وخسف في جزيرة العرب والدخان والدجال..... » { صحيح مسلم برقم ( 2901) } واته : ڕۆژی دوایی نایەت، هەتاوەکو دە نیشانه هەیه نەیەنەدی، ڕۆچوونێك لەڕۆژهەڵات و ڕۆچوونێك له ڕۆژئاواوه، وڕۆچوونێك له دوورگەی عەرەبەوه، لەگەڵ دوکەڵ، ودەجال ... هەتاکۆتای فەرموودەکه هەموو نیشانەکانی تر باس دەکات.

زۆرێك لەزانایانی ئیسلام لەسەر ئەوەن ئەو نیشانانەی که بەڕیز باسکراون و بەدوای یەکدا لەفەرموودەکەدا هاتوون، بەڵگه نییه لەسەر ئەوەی هەر بەو ڕیز بەندیه ڕوو دەدەن، چونکه پاش تەحقیق ولێکۆڵینەوەیان بۆیان ڕوون بووەتەوه که یەکەم نیشانه که ئەحواڵی سەر زەوی دەگۆڕێت، دەرکەوتنی دەجالە، وه یەکەم نیشانەیەکیش که ئەحواڵی ئاسمان دەگۆڕێت، هەڵهاتنی ڕۆژه لەڕۆژئاواوه، بۆیه ئێمەیش لێرەدا بەپێویستمان زانی سەرەتا باس له دەرکەوتنی دەجال بکەین، بەپشتیوانی خوای گەوره لەجارەکانی داهاتوودا هەرجاره وباس لەنیشانەیەك دەکەین :

**درەکەوتنی دەجال**

هاتن ودەرکەوتنی دەجال یەکەم نیشانەیە لەنیشانە گەورەکانی قیامەت، وە ئەهلی ئیسلام بەهەموو مەزهەبەکانیەوە یەکڕان لەسەر دەرکەوتن وهاتنی دەجال (خەوارج و موعتەزیلە وجوهمیە) نەبێت کە باوەڕیان بەم نیشانەیە نییە، ئەمانە بەتایبەتی موعتەزیلە وای لێك دەدەنەوە کە دەجال هێمایە بۆ شەڕ وخراپە، ئەگینا وەك هەقیقەت هەقیقەتی نییە، ئەمەش سەرچاوەی لەوەوەگرتووە کە موعتەزیلە بنەمای بیروباوەڕو مەزهەبەکەیان لەسەر عەقڵ بنیات ناوە، هەرشتێك عەقڵ پەسەندی نەکات ئەوان باوەڕیان پێی نییە، بۆیە هەمیشە عەقڵ پێش دەخەن بەسەر دەقەکانی قورئان وسوننەتدا وباوەڕیان وایە ئەگەر خوای گەورە قورئانیشی نەناردایە مرۆڤ موکەلەف بوو بەخواپەرستن، مادام خوا عەقڵی پێداوە، بێگومان ئەم بۆچوونەیان لەصەدا صەد پێچەوانەی دەقەکانی قورئان وسوننەتن، چونکە عەقڵی مرۆڤ تائەندازەیەك دەرك بە شتەکان دەکات پاش ئەو ئەندازە مرۆڤ بۆ گەشتن بەنهێنیەکان پێویستی بە قورئان وسوننەتی پێغەمبەری خوا هەیە ( صلی الله علیه وسلم ) .

ووشەی دەجال لەزمانی عەرەبیدا بەمانای شاردنەوەی هەقیقەت وفڕوفێڵ وگومڕاکردن هاتووە، هەربەم شێوەیەش، مەسیحی دەجال بەم ناوەوە ناونراوە، چونکە هەقیقەتی ئاینی ڕاستەقینەی خوای گەورە لەخەڵکی دەشارێتەوە وفڕوفێڵیان لێ دەکات وپاشان گومڕاشیان دەکات.

ئەم دەجالە پیاوێکە لەنەوەی ئادەمە ولەکۆتای دونیادا دەردەکەوێت، لەنێو چاوانی نووسراوە ( ك ف ر) واتە : کوفر و بێباوەڕی، هەموو موسڵمانێك دەیخوێنێتەوە، چاوێکی کوێرە - چاوی لای راستی - وەك ترێ هەڵتۆقیوە، خەڵکێکی زۆر تووشی خراپە وخراپەکاری دەبن بەهۆی ئەوە و هەڵیان دەخەڵەتێنێت ولەسەر ڕێگای ڕاست لایان دەدات، خوای گەورە هەندێك شتی لەڕادەبەردەری توانای مرۆڤی دەداتێ ولەسەر دەستی ڕوودەدات، ئەم دەجالە بانگەشەی پەروەردگاریەتی دەکات، بەڵام ئەم بانگەشە پڕووپوچەی باوەڕداران پێی هەڵناخەڵەتێن، شایانی باسە دەچێتە هەموو کون وقوشبنێکی دونیا مەککە ومەدینە نەبێت، بەهەشت و دۆزەخی لەگەڵ خۆی پێیە، دۆزەخەکەی بەهەشتە و بەهەشتەکەیشی دۆزەخە .

لەصەحیحی بوخاری وموسلیمیشدا هاتووە، كە عبد الله ی كوڕی عومەر (خوایان لێ ڕزای بێت) ئەڵێت : « قام رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) في الناس فـأثنى على الله بما هو أهله ثم ذكر الدجال فقال: إني أنذركموه وما من نبي إلا قد أنذره قومه لقد أنذره نوح قومه ولكن سأقول لكم فيه قولا لم يقله نبي لقومه تعلمون أنه أعور، وأن الله ليس بأعور » { صحيح البخاري برقم (3057) ، وصحيح مسلم برقم ( 169) ، واللفظ للبخاري } واته : پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) لەناو خەڵكدا هەستایەوە وبەو شێوەیە شایستە بێت سوپاس وستایشی خوای گەورەی كرد، پاشان باسی دەجالی كرد، فەرمووی : من لەدەجال ئاگادارتان دەكەمەوە ودەتانترسێنم لێی، وە هیچ پێغەمبەرێك نەهاتووە ئیلا گەلەكەی ئاگاداركردوەتەوە لەمەترسی دەجال، نوح گەلەكەی لەمەترسی دەجال ئاگاداركردەوە، بەڵام من شتێكتان پێ دەڵێم كەهیچ پێغەمبەرێك نەیوتوە بەگەلەكەی، ئایا دەزانن كە دەجال یەكچاوە، وە خوای گەورە یەكچاو نییە (پێغەمبەر ﷺ ئەمەی بۆیە فەرموو، چونكە دەجال بانگەشەی خوایەتی دەكات وەك ئاماژەمان پێدا، بۆ ئەوەیشی كەس بڕوای پێ نەكات كە خوایە، فەرمووی ئەو یەكچاوی هەیە و خوای گەورە یەكچاو نییە) .

پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت: « مَا بَيْنَ خَلْقِ آدَمَ إِلَى قِيَامِ السَّاعَةِ أَمْرٌ أَكْبَرُ مِنْ الدَّجَّالِ » { رواه مسلم } واته: له وەتەی خوای گەورە ئادەمیە دروست کردووە تا قیامەت لە فیتنەی دەجال گەورەترو خراپتر نییە .

بانگی خەڵکی دەکات کەباوەڕی پێ بکەن، دوای ئەوەی بە درۆی دەخەنەوە ، ئەویش دەڕوات بەڵام پارە وماڵەکەیان دوای دەجال دەکەوێت وخەڵکی بەبێ ماڵ وسامان دەمێننەوە، دواتر هەر دەجال دەچێت بۆ لای قەومێکی ترو بانگیان دەکات و باوەڕی پێدەهێنن و ئەویش فەرمان بە ئاسمان دەکات باران دەبارێت و فەرمان بە زەوی دەکات گیا دەڕوێنێت، کاتێك دێت ئاو وئاگری لەگەڵدایە و ئاوەکەی ئاگرەو ئاگرەکەی ئاوێکی ساردە، جا لە سەر هەموو موسڵمانێك پێویستە پەنا بگرێت بە خودا لە دوای هەموو نوێژێك ـ دوعایەکی سوننەت هەیە کە لە دوای تەحیات دەخوێنرێت بۆ ئەوەی خوای گەورە پەنامان بدات لەشەڕ و فیتنە وبەڵاو موصیبەتەکانی ـ هەروەها لەپێناو خۆ پاراستن لەدەجال پێغەمبەری خودا ( صلى الله عليه وسلم ) فێری کردووین کە سەرەتای سورەتی (الکهف) بخوێنین ئەگەر کەوتینە ئەو زەمانەوە ، هەروەها هەوڵی خۆلادان بدات بۆ ئەوەی لە فیتنەی بەدوور بێت، پێغەمبەر ( صلى الله عليه

وسلم ) دەفەرمویت: « مَنْ سَمِعَ بِالدَّجَّالِ فَلْيَنْأَ عَنْهُ، فَوَ اللهِ إِنَّ الرَّجُلَ لَيَأْتِيهِ وَهُوَ يَحْسِبُ أَنَّهُ مُؤْمِنٌ فَيَتَّبِعَهُ مِمَّا يَبْعَثُ بِهِ مِنْ الشُّبُهَاتِ » { رواه أبوداود } واته:

هەرکەس باسی هاتنی دەجالی بیست با خۆی لێ لادات، سوێند بە خوا کەسانێك دەچن بۆ لای ـ رەنگە بۆ شەرکردن بێت ـ وا دەزانن ئیماندارن، بەڵام شوێنی دەکەون بە هۆی ئەو هەموو فڕوفێڵ و شوبهانەی کە هەیەتی.

دەجال (چل) رۆژ لەسەر زەوییدا دەمێنێتەوە، رۆژی یەکەمی بە ساڵێك، و دووەمی بەمانگێك، وسێیەمی هەفتەیەکەو رۆژەکانی تری وەك رۆژی ئاسایی وان، وەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە : عن نواس بن سمعان (رضي الله عنه) قال : قلنا : يا رسول الله وما لبثه في الأرض ؟قال : « أربعون يوما يوم كسنه ويوم كشهر ويوم كجمعه وسائر أيامه كأيامكم، قلنا يا رسول الله فذلك اليوم الذي كسنه أتكفينا فيه صلاة يوم ؟قال :لا اقدروا له قدره » {رواه مسلم } واته :

ووتمان ئەی پێغەمبەری خوا چەندێك لەسەر زەوی دەمێنێتەوە ؟ فەرمووی : چل ڕۆژ، ڕۆژی یەکەم بەئەندازەی ساڵێك دەبێت، ڕۆژی دووەمیشی بەئەندازەی مانگێك دەبێت، ڕۆژی سێهەمیشی بەئەندازەی هەفتەیەك دەبێت، ئیتر ڕۆژەکانی تری وەك ڕۆژەکانی خۆتان وایە، ئەمجا ووتمان : ئەی

پێغەمبەری خوا ئەو ڕۆژەی بەئەندازەی ساڵێك دەبێت هێندە بەسە وەك ڕۆژێکی ئاسایی تێیدا نوێژ بکەین ؟ فەرمووی : نەخێر بەڵکو خۆتان دەبێت ئەندازەی ڕۆژەکانتان دیاری بکەن ولەو ئەندازەیەدا پێنج نوێژەکەی تێدا بکەن، واتە : لەهەر بیست وچوار کاتژمێرێکدا پێنج نوێژ بکەن .

هەموو شارو جێگایەکیش دەگەڕێت جگە لە مەککەو مەدینە نەبێت ، وەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە :

«عن أبا سعيد الخدري قال حدثنا رسول الله صلى الله عليه وسلم يوما حديثا طويلا عن الدجال فكان فيما حدثنا قال يأتي وهو محرم عليه أن يدخل نقاب المدينة فينتهي إلى بعض السباخ التي تلي المدينة فيخرج إليه يومئذ رجل هو خير الناس أو من خير الناس فيقول له أشهد أنك الدجال الذي حدثنا رسول الله صلى الله عليه وسلم حديثه فيقول الدجال أرأيتم إن قتلت هذا ثم أحييته أتشكون في الأمر فيقولون لا قال فيقتله ثم يحييه فيقول حين يحييه والله ما كنت فيك قط أشد بصيرة مني الآن قال فيريد الدجال أن يقتله فلا يسلط عليه » {صحيح مسلم 2938} واتە : ئەبو سەعیدی خودری (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە ودەڵێت : ڕۆژێکیان پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) فەرموودەیەکی

دورودرێژی لەبارەی دەجالەوە بۆ باسکردین، لەوەی کە باسی کرد بۆمان، ئەوە بوو فەرمووی : دەجال دێت بەڵام خوای گەورە قەدەغەی کردووە بتوانێت بێتە ناو مەدینەوە دێت تا دەگاتە قەراغی شار، لەو ڕۆژەدا پیاوێك بۆی دەردەچێت کە باشترین وچاکترین کەسە، دەڕوات بۆلای دەجال و پێی دەڵێ : شاهیدی دەدەم کە تۆ دەجالی درۆزنیت، ئەمجا دەجال بەخەڵك دەڵێت ئایا من ئەگەر ئەم پیاوە بکوژم وپاشان زیندووی بکەمەوە هیچ گومانێکتان لا دەمێنێت کە من خوای ئێوەم ؟ خەڵکەکە دەڵین : نەخێر، ئەمجا دەجال پیاوەکە دەکوژێت وپاشان زیندوویشی دەکاتەوە، لەو کاتەی کە پیاوەکە زیندوو دەکاتەوە، ئەو کەسە پێی دەڵێت : واللە ی ئێستا زیاتر دڵنیا بووم لەوەی کە ( تۆ دەجالی درۆزنیت و خوا نیت) ئەمجا دەجال دەیەویت بیکوژێت بەیەکجاری بەڵام ناتوانێت ..

وە دەبێت ئەوەش بزانین کە هیچ پێغەمبەرێك نەهاتووە ئیلا قەوم گەلەکەی ترساندوە لەشوێن کەوتنی دەجالی درۆزنی یەکچاو، وەك ئەنەسی کوڕی مالیك ( خوای لێ ڕازی بێت ) فەرموودەیەکی لەپێغەمبەری خوداوە (صلی الله علیه

وسلم ) گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی « ما بُعِث نبيٌّ إلا أنذر أمَّته الأعورَ الكذاب»

{ رواه البخاري } .

هەر بارەی دەجالەوە ئەم فەرموودەی صەحیحە هاتووە، کە حەفتا هەزار لە

جولەکەی خەڵکی ئەصبەهان شوێنی دەکەون ودەبنە پاڵشت و پشتیوانی : عن

أنس بن مالك (رضي الله عنه) أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال يتبع

الدجال من يهود أصبهان سبعون ألفا .. {صحيح مسلم برقم 2944} واتە :

حەفتا هەزار لەجولەکەی ئەصبەهان شوێن دەجال دەکەون .

ئەوەیش زۆر بەلامەوە گرنگە لەم دوایەوە باسی بکەین فەرموودەیەکی

بەناوبانگە کەلەصەحیحی موسلیمدا هاتووە، ومەشهورە بەفەرموودەکەی

تەمیمی داری :

عن فاطمة بنت قيس أخت الضحاك بن قيس ـ وكانت من المهاجرات الأول ـ :

سمعت نداء المنادي ( منادي رسول اللّه ) ينادي : الصلاة جامعة ، فخرجت إلى

المسجد فصلّيت مع رسول اللّه ، فكنت في صف النساء التي تلي ظهور القوم

فلما قضى رسول اللّه صلاته جلس على المنبر وهو يضحك ، فقال : ليلزم كلّ

إنسان مصلاّه.ثمّ قال : أتدرون لم جمعتكم؟ قالوا : اللّه ورسوله أعلم. قال : إنّي واللّه ما جمعتكم لرغبة ولا لرهبة ، ولكن جمعتكم لأنّ تميماً الداري كان رجلاً نصرانياً فجاء فبايع وأسلم وحدّثني حديثاً وافق الذي كنت أُحدثكم عن مسيح الدجال ، حدّثني أنّه ركب في سفينة بحرية مع ثلاثين رجلاً من لخم وجذام فلعب بهم الموج شهراً في البحر ، ثمّ أرفئوا إلى جزيرة في البحر حتى مغرب الشمس، فجلسوا في أقرب السفينة فدخلوا الجزيرة فلقيتهم دابة أهلب كثير الشعر لا يدرون ما قبله من دبره من كثرة الشعر ، فقالوا : ويلك ما أنت؟ فقالت : أنا الجسّاسة. قالوا : وما الجسّاسة؟ قالت :أيّها القوم انطلقوا إلى هذا الرجل في الدير فإنّه إلى خبركم بالأشواق. قال : لما سمّت لنا رجلاً فزعنا منها أن تكون شيطانة. قال : فانطلقنا سراعاً حتى دخلنا الدير ، فإذا فيه أعظم إنسان رأيناه قط خلقاً وأشده وثاقاً ، مجموعة يداه إلى عنقه ما بين ركبتيه إلى كعبيه بالحديد ، قلنا : ويلك ما أنت؟ قال : قد قدرتم على خبري فأخبروني ما أنتم؟ قالوا : نحن أُناس من العرب ركبنا في سفينة بحرية فصادفنا البحر حين اغتلم ، فلعب بنا الموج شهراً ثمّ أرفأنا إلى جزيرتك هذه ، فجلسنا في أقربها ، فدخلنا الجزيرة فلقيتنا دابة أهلب كثير الشعر لا يدرى ما قبله من دبره من كثرة الشعر. فقلنا : ويلك ما

أنت؟ قالت : أنا الجسّاسة. قلنا : وما الجسّاسة؟ قالت : اعمدوا إلى هذا الرجل في الدير فإنّه إلى خبركم بالأشواق ، فأقبلنا إليك سراعاً وفزعنا منها ولم نأمن أن تكون شيطانة. فقال : أخبروني عن نخل بيسان. قلنا : عن أي شأنها تستخبر؟ قال : أسألكم عن نخلها هل يثمر؟ قلنا له : نعم. قال : أمّا إنّه يوشك أن لا يثمر. قال : أخبروني عن بحيرة الطبرية. قلنا : عن أي شأنها تستخبر؟ قال : هل فيها ماء؟ قالوا : هي كثيرة الماء. قال : أما إنّ ماءها يوشك أن يذهب. قال : أخبروني عن عين زغر. قالوا : عن أي شأنها تستخبر؟ قال : هل في العين ماء وهل يزرع أهلها بماء العين؟ قلنا له : نعم هي كثيرة الماء وأهلها يزرعون من مائها. قال : أخبروني عن نبي الأمّيّين ما فعل؟ قالوا : قد خرج من مكة ونزل يثرب. قال : أقاتله العرب؟ قلنا : نعم. قال : كيف صنع بهم؟فأخبرناه أنّه قد ظهر على من يليه من العرب وأطاعوه. قال لهم : قد كان ذلك؟ قلنا : نعم. أما إنّ ذاك خير لهم أن يطيعوه وإنّي مخبركم عنّي إنّي أنا المسيح وإنّي أوشك أن يؤذن لي في الخروج ، فأخرج فأسير في الأرض ، فلا أدع قرية إلاّ هبطتها في أربعين ليلة غير مكة وطيبة فهما محرّمتان عليّ كلتاهما ، كلما أردت أن أدخل واحدة أو واحداً منهما استقبلني ملك بيده السيف صلتاً يصدني عنها وإنّ على كل نقب منها

ملائكة يحرسونها. قالت : قال رسول اللّه ( صلى الله عليه وسلم ) : وطعن بمخصرته في المنبر هذه طيبة ، هذه طيبة ، هذه طيبة ، يعني : المدينة ، ألا هل كنت حدّثتكم ذلك؟ فقال الناس : نعم ، فإنّه أعجبني حديث تميم إنّه وافق الذي كنت أحدثكم عنه وعن المدينة ومكة ألا إنّه في بحر الشام أو بحر اليمن لا بل من قبل المشرق ما هو من قبل المشرق ما هو من قبل المشرق ، ما هو. وأومأ بيده إلى المشرق. قالت : فحفظت هذا من رسول اللّه ( صلى الله عليه وسلم ) {رواه مسلم} .

واته : فاطمەی کچی قەیس (خوای لێ ڕازی بێت) کە خوشکي ضەحاکي کوڕی قەیسە، یەکێك بوو لەو ئافرەتانەی کە لەسەرەتای کۆچەوە کۆچی کردووە بۆ مەدینە دەگێڕێتەوە ودەڵێت : گوێم لەبانگبێژێکی پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) بوو هاواری دەکرد (الصلاة جامعة) بۆ ئەوەی کۆ ببنەوە بۆ نوێژ کردن، (فاطمە) دەڵێت منیش ڕۆشتمە دەرەوە بۆ مزگەوت، لەڕیزی ئافرەتەکان کە دەکەوتە دوای ڕیزی پیاوانەوە نوێژم لەپشتی پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) ــەوە کرد، کاتێك پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) لەنوێژ بوویەوە، بەپێکەنینەوە سەرکەوتە سەر مینبەرەکەی وفەرمووی هەموو کەس

با لەجێگا نوێژەکەی خۆی دانیشێت، ئەمجا دیسانە فەرموویەوە : ئایا دەزانن بۆچی من ئێوەم کۆکردوەتەوە ؟ ئەوانیش وتیان : خوا و پێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی : ئەی خەڵکینە من بۆ ئەوە کۆم نەکردونەتەوە بتان ترسێنم یان دڵتان خۆش بکەم وموژدەتان بدەمێ، بەڵام تەمیمی داری کە پیاوێکی نەصرانی بوو موسڵمان بووە و بەیعەتی پێداووم و بەسەرهاتێکی بۆ گێراومەتەوە، ڕێك وەك ئەو باسەیە کە من پێشتر لەبارەی دەجالەوە بۆم باسکردوون، بۆی باسکردم کە خۆی لەگەڵ سی پیاوی هۆزی (لەخم و جەذام) سواری کەشتی بوون وچوون بەناو دەریادا، شەپۆلی دەریا یەك مانگی تەواو هەڵی پێچان وداوونی بەملاولادا ویاری پێکردوون، پاشان لەکاتی ڕۆژئاوا بوون بەلای دوورگەیەك لەدوورگەکانی دەریادا کەناری داوون، لەنزیك کەشتیەکەیانەوە دانیشتوون ودواتر چوونەتە ناو دوورگەکەوەوە، کاتێك لەدوورگەکە دابەزین ئاژەڵێکیان بینی لەزۆری مووەکانی سەری وقونی لەیەك جودا نەدەکرایەوە، ووتیان : وای تۆ کێیت ؟ ئاژەڵەکەش لەوەڵامدا ووتی : من جەساسەم، ووتیان : جەساسە کێیە، ئەویش لەوەڵامدا ووتی : ئەی خەڵکینە بچن بۆ لای ئەو پیاوە لەوپەرستگایە

(پەرستگای جولەکە) ئەو زۆر تامەزرۆی هەواڵی ئێوەیە، (تەمیمی داری) ئەڵێت : کاتێك ناوی پیاوێکی هێنا ترساین کە شەیتانێك بێت، ئەوەبوو بەپەلە ڕۆشتین و چووینە ناو پەرستگاکەوە، پیاوێکمان بینی لەوەو پێش هەرگیز پیاوێکی بەو شێوە گەورەمان نەبینی بوو، هەردوو دەستی کۆت کرابوون بەگەردنیەوە، لە ئەژنۆشیەوە تا پێکانی کۆت وزنجیر کرابوو، ئەڵێت : ووتمان وای بۆ تۆ، ئەوە تۆ کێیت ؟ ئەویش ووتی : تازە ئێوە بەهەواڵی منتان زانی، ئەی ئێوە کێن ؟ ووتمان ئێمە هۆزێکین لەعەرەب سواری کەشتی بوونی و بەناو دەریادا ڕۆشتین، ئەوە بوو شەپۆلی دەریا یەك مانگی بەملاولادا هێنایني وبردینی تا لەم دوورگەیەی تۆ گیرساینەوە، لەنزیك کەشتیەکەمانەوە دانیشتین ودواتر هاتینە ناو دوورگەکەوەوە، کاتێك لەدوورگەکە دابەزین ئاژەڵێکمان بینی لەزۆری مووی سەری وقونی لەیەك جودا نەدەکرایەوە، ووتمان : وای بۆ تۆ، تۆ کێیت ؟ ئاژەڵەکەش لەوەڵامدا ووتی : من جەساسەم، ووتمان : جەساسە کێیە، ئەویش لەوەڵامدا ووتی : ئەی خەڵکینە بچن بۆ لای ئەو پیاوە لەو پەرستگایە، ئەو زۆر تامەزرۆی هەواڵی ئێوەیە، ئێمەش بە پەلە هاتین بۆلای تۆ، دڵنیاش نەبوین لەوەی ئەو شەیتان نییە، ئەمجا ئەو کابرا کۆت وبەندکراوە

ووتی پێیان : هەوالێ دارخورماکانی بێسانم بدەنێ، (تەمیمی داری) دەڵێت : ووتمان : لەبارەی چیەوە پرسیارمان لێ دەکەیت ؟ ووتی : لەبارەی دارخورماکانیەوە ئەپرسم ئایا تا ئێستاش هەر بەر دەگرن ؟ ووتمان پێی : بەڵێ، ئەویش ووتی : پێ دەچێت لەمەودوا ئیتر بەرنەگرن، ئەمجا ووتی : لەبارەی دەریاچەی طەبەریەوە هەواڵم بدەنێ، ووتمان لەبارەی چی شتێکیەوە دەپرسیت ؟ ئەویش ووتی : ئایا ئاوی تێدایە ؟ ووتمان : بەڵێ ئاوی زۆرە، ئەمجا ووتی : پێ دەچێت ئاوەکەی نەمێنێت، پاشان ووتی : هەواڵم لەبارەی کانیاوی زەغەرەوە بدەنێ، ووتیان : لەبارەی چیەوە ئەپرسیت ؟ ووتی : ئایا کانیاوەکە ئاوی ماوە؟ ئایا خەڵکی هەر بەئاوی ئەو کشتوکاڵ ئەکەن ؟ ووتمان : بەڵی ئاوی زۆرە، تا ئێستاش خەڵکی هەر بەو ئاوە کشتوکاڵ دەکەن، ئەمجا ووتی : لەبارەی پێغەمبەری نەخوێنەوارانەوە هەواڵم بدەنێ چی کردوە، پێمان ووت : لەمەککە دەرچووە و ئێستا لە یەثربە (واتە لەمەدینەیە)، دواتر ووتی : ئایا عەرەب لەگەڵیدا جەنگان؟ ووتمان : بەڵێ، ئەویش ووتی : ئەی ئەو چی لەگەڵدا کردن؟ ووتمان : سەرکەوت بەسەر عەرەبەکاندا وسەرەنجام گوێڕایەڵی بوون، پاشان ووتی : دەی هەروا بوو ؟ ووتمان پێی : بەڵێ، ئەمجا ئەو ووتی

: ئەمەی کە گوێڕایەڵیان کردووە بۆ ئەوان زۆر باش بووە، ئایا شتێکتان پێ بڵێم لەبارەی خۆمەوە؟ من مەسیحم (واتە مەسیحی دەجال) زۆر نزیکە کە ڕێگام پێ بدرێت دەرچم لێرە وەدەرکەووم، دەردەچم لێرە وبەسەر زەویدا دەگەڕێم ولەماوەی چل شەودا هیچ گوندێکی ئەم سەر زەوی نیە نەچم تێی، مەککە و طیبە نەبێت ئەوان لەسەر من حەرام و قەدەغەکراوون، چونکە هەرکاتێك دەمەوێت بچمە ناو یەکێکیانەوە، ئەوا خێرا فریشتەیەك بەشمشێرێکەوە بۆم دێت و ڕووبەڕووم دەبێتەوە، لەسەر هەموو ڕێگایەکی ئەو شارە وەستاوون پاسەوانی دەکەن، (فاطمەی کچی قەیس) کە فەرموودەکە ددەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەم کاتەدا بەو گۆچانەی کەبەدەستیەوە بوو کێشای بەمینبەرەکەیدا وفەرمووی : ئائەمە طەیبەیە، ئائەمە طیبەیە، ئائەمە طیبەیە، مەبەستی پێی مەدینە بوو، بەخەڵکەکەی فەرموو : ئایا من پێشتر ئەمەم بۆ باس نەکردوون؟ خەڵکەکەش ووتیان : بەڵێ بۆت باسکردووین، ئەمجا فەرمووی : ئەم بەسەرهاتەی تەمیمم بەلامەوە سەرسوڕهێنەر بوو، چونکە ئەوەی ئەو باسی کرد، ڕێك پڕاوپڕ وەك ئەوە وابوو کە من بۆم باسکردبوون، وە ئەوەی باسم کردبوو لەبارەی مەککە ومەدینەوە، ئەوەش کە دەجال لای

دەریای شام یان دەریای یەمەنەوە بێت نەخێر وانیە، بەڵکو ئەو لە لای ڕۆژ هەڵاتەوە دێت، لە لای ڕۆژ هەڵاتەوە دێت، لە لای ڕۆژ هەڵاتەوە دێت، لەم کاتەدا بەدەستی ئاماژەی بۆ ڕۆژ هەڵات کرد، لەکۆتاییدا فاطمە دەڵێت : ئائەمەم لە پێغەمبەری خواوە (صلى الله عليه وسلم) لەبەر کردووە .

لەکۆتاییدا دەپرسین ئەی باشە کۆتایی دەجال چۆن دەبێت؟ کۆتای دەجال بەوە دێت ، دوای ئــەوەی حــەزرەتی عیسی ( علیه السلام ) دادەبەزێت ، بەفەرمانی خوای گەورە دەیکوژێت ولەناوی دەبات، وەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە :

عبد الله ی کوڕی عەمری کوڕی عاصە (خوایان لێ ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە ﷺ ئەگێڕێتەوە وئیمامی موسلیم لەصەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردووە، کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : « يخرج الدجال في أمتي فيمكث أربعين لا أدري أربعين يوما أو أربعين شهرا أو أربعين عاما فيبعث الله عيسى ابن مريم كأنه عروة بن مسعود فيطلبه فيهلك ه ..... الحديث » {صحيح مسلم برقم ( 2940)} واتە : لەناو ئوممەتەکەمدا دەجاڵ دەردەکەوێت، وچل ڕۆژ دەمێنێتەوە، نازانم چل ڕۆژە یان چل مانگە یان چل ساڵە، خوای گەورە عیاسی کوڕی مەریەم دەنێرێت، وەك عروەی کوڕی مەسعود وایە، کارەکانی بەتاڵ دەکاتەوە وپاشانیش لەناوی دەبات.

خوای گەورە هەمووومان لەفیتنە وئاژاوەی دەجال بپارێزێت.